﴿28﴾

# ئیعجازی قورئانی پیرۆز
# له بواری زمان و ڕەوانبێژیدا

بەردەوام ئەبین لەئیعجازی قورئانی پیرۆز.. باسمان کرد ووتمان چەندین جۆر ئیعجاز هەیەلەقورئاندا، حکمەت لەمەدایە کە بگونجێ لەگەڵ ڕۆشنبیری وعەقڵ و دەروونی هەموو مرۆڤێکداچونکە ئەم قورئانە بۆ هەموو کەسێك هاتووە.

وە ووتمان ئیعجازی زمانەوانی تیایە، ئیعجازی مێژوویتیایە، ئیعجازی تیایە لەهەموو بوارێکی زانستەوە، ئیعجازی تیایە لەیاساو تەشریعاتدا، ئیعجازی غەیبیتیایە.بەڵام...؟

نابێت بڵێین قورئان کتێبێکی مێژووییە، یان کتێبێکی پزیشکیە، یان کتێبێکی غەیبیە. نەخێر قورئان کتێبێکی خوایە بۆ هدایەتی ئینسان بۆ ناسینی خۆی وەپاشان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خوای گەورەدا لەڕۆشنایی ئەو قورئانەوە. ئێمە باوڕمان وایە وەك (ئەهلی سوننەت) کەلە زاتی قورئاندا هدایەت هەیە (لەزاتی قورئاندا) مژدەهەیە، لەزاتی قورئاندا هۆکاری شیفاو ڕەحمەت هەیە، بەپێچەوانەی بۆچوونی معتزلە.

بۆ نمونه قورئان ئەفەرموێ: (وهذا كتاب أنزلناه مبارك)[1] (وهذا ذكر مبارك أنزلناه)[2] لـەخودیخۆیدا پـیرۆزه.. لەشـوێنێكی تـردا) (أن هـذا القـرأن يـهدى للتـي هـي أقـوم ويبشر المؤمنين الذين يعملون الصالحات أن لهم أجرا كبيرا)[3] واتـه: هۆكـاری شـیفای تیایه, هۆكاری رەحمـەتی تیایـه,(ونـنزل مـن القـرأن مـاهو شـفاء ورحمـة للمؤمنيـن, ولايزيد الظالمين الاخسارا)[4] كەواته شفاو ڕەحمەت لەخودی قورئانەكەدایە، بۆیه زاناكـان ئەفەرموون (المتعبد بتلاوته) هەركاتێ مـرۆڤ قورئـانی خوێنـدەوه ئەچێتـه عبادەتـەوه، جـا تێنەگەیشتن له ووشەكانی قورئان مرۆڤ بێبەش ئەكات لەو ئیعجازه بەیانیـیه، لـەو ئیعجـازه زمانەوانیـیه، وەكو جاریكیان باسمان كرد قورئان كاری كردۆته سـەر دلـی هـەموو بیسـەریكی عەرەب...

پیـاویكی دەشـتەكی هاتـه خزمـەت پیغەمبـەر (صلـى الله عليهوسلم)عــەرزیكرد ئــەی محمــد تۆجاربۆچی ئەدەی؟ هەول بۆچیئـەدەیت.؟ پیغەمبـەریخوا (صلـى الله عليهوسـلم) لـەوەلامدا فەرمووی :- (أدعو الىشهادة أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسـول الله)فـەرمووی: جـاری ئـەوه ئـەدەم كـه (لاالـه إلا الله محمـد رسـول الله) بچیتـه دلـی خەلكیـیەوه.كـابرای دەشـتەكی ووتی(اذا اتقاتلك العرب والعجم) كەواته هەموو دنیا ئەجەنگیت لەگەلت ..بۆچی وای ووت ؟ چونكه لەزمانەكه تیئەگات (لاالـه الاالله محمد رسـول الله) مانـای سـەندنەوەی (حاكمیـەتی مرۆڤ) بۆ مرۆڤ وەگیرانەوەی بۆ بەدیهینەری مرۆڤ،ئەمەش سـەركردەكانی عەرەبوعەجـەم. ئەوانەی كەدەستەلاتیان بەدەسته قبولی ناكەن لەبەرئەوه هـەموو دنیـا دیـت بـەگژیدا. ئـەوها عەرەب لەقورئان تیئەگەیشتن.

ئیعجازی زانستی لەلای ئەوان شاراوەبوو، ئەمرۆ ئیمه ئەلیین (٩٠٠)ئایـەت هەیـه سـەبارەت بـه ئیعجـازی زانسـتی.. ئـەوان ئیعجـازه رەوانبیژیەكەكـەكاری تیئـەكردن،ئـەمرۆ كـەم بۆتــەوەو جۆرەی تریـەیدابووه، چونكه عەجایبیقورئان لەبن نایەت وەك لەحەدیثا هاتووه(... لاتنقضي عجائبه)[5].

---

(1) الأنعام / ٩٢.

(2) الأنبياء / ٥٠.

(3) الاسراء / ٩.

(4) الاسراء / ٨٢.

(5) بەم وتنه (ولا تنقضي لاتفني عجائبه) له (فضائل القرآن) ٢٥/١ رواه الدرامي هاتووه ، (في ثواب القرآن) / ١٤ / رواه الترمذي هاتووه.

اصمعی / زمانەوانێکی زۆرشـارەزابوو زۆرپسـپۆڕبوو لـەزمانی عـەرەبیدا دەرسـیبەقوتابیەکانی خـۆیدەوت، لەمزگـەوتدا.وەك ئـەزانین کـە مزگـەوت شـوێنێکیکراوەیە خەڵکیغەریبـەش دێـن لەمزگەت دائەنیشن و گویٚدەگرن،..

لەدەرسەکەیدا کابرایەکی عەرەبی دەشتەکی نویژەکـەی تـەواوکردوو لـەویدا دانیشـت تاشـتیك فیربیت، شتیك ببیستی.

(اصمعی) ووتاری دەدا بۆقوتابیەکانی:

(والسارق والسارقةفاقطعوا أيديهما جزاءا بما كسـبا نكـالا مـن الله والله غفوررحيـم)

کابرای دەشتەکی ووتی (كلام من هذا)؟

ئەمەووتەی کێیە..؟ أصمعی فەرمووی(كلام رب العالمين).. ووتەی خوایـە، ووتـی: ئەمـە هیـچ قسەی خوا نیە!! ئیتر تەلەبەکان ئاوریان لێدایەوەو زۆریان پێ ناخۆش بوو کەوا ئـەم کابرایـە خەریکـە کفرئـەکات،ووتیـان ئایـا تۆزانـایت،قوتـابیت؟ ووتـــی: نەقوتابیمونـەزانام.!قورئـانت لەبـەرە.؟ نـەخیر. ئایـا ئـەم ئایەتـەت لەبـەرە؟نـەخیر! ئـەیچۆن لەخۆتـــەوە ئـــەلیی ئەوەهیخوانییە.؟

ووتی: قەت خواشتی وانالیئەم ئایەتە غەلەتە.

ووتیان: ئەی ئەو قورئانەت چاولیە لەمزگەوتەکەدا؟ ووتی: بەلی.

ئەمانە قورئانن؟ ووتیبەلی ئایەتی(٣٨)سورەتی (المائدە) خویندیانەوە بۆ ئەوەی باوەربکـات کەئەمە قورئانە.

(والسـارق والسـارقة فـاقطعوا أيديـهما جـزاءا بمـا كسبا نكـال مـن الله والله عزيـز حكيم)[٦].

ووتـی: ئەمەتـەواوە، ئەمەقسـەیخوایە (اصمعـی) یەکـەم جـار کەخویندبوویەوەلـەکۆتاییدا ووتبوی(غفور رحيم) بەلام خوا (عزيزحكيم)ە..

ووتیان چۆن زانیت؟

خۆتۆ خویندەوار نیت و قورئانت لەبەرنییە؟ ووتـی: ئەمـە باسـی غـیرەتیخوا ئـەکات، باسـی عزەتـی شـەرعی خوائـەکات، کەدەسـت برینـی دزە، ئـەو دزەی کـە دەسـت دریـژی ئەکاتـە سەرسەروەتو سامانی خەلکی، ئەم شەرعە عزەتی خۆی پیشان ئەدات، کە دەست برینی ئەو دزیە، وەلەهەمان کاتیشدا حکمەتیتیایە بۆ ئەوەی نەفس نزمەکان بترسـنوئەو دزینـە دوبـارە نەبیتەوە لەناو کۆمەلگادا.

(٦) المائدة / ٣٨.

هەڵوێستەكە هەڵوێستی (عزەتوحكمەتە) كۆتاییەكەشی (عزیزحكیم)ئەمە زۆر تەواوە، بەلاَم تۆ بەمن ئەڵییێی (غفور رحیم) ئەمە ناگونجێ.

(اصمعی) ووتی: ئیمە عەرەبی نازانین ئەم پیاوەئەیزانی.

وەك (ملك بن نبي) رەحمەتی خوای لێبێت ئەلی: (حاسة الشم الاجتماعیة) هەربەبۆن ئەو پیاوە هەستی كرد كە ئەو ئایەتە تەواو نییە. بەلام ئەمرۆ بێگومان دوركەوتوونەتەوە لەو سەرچاوەیە بۆیە لە ئیعجازە رەوانبیژییەكە بێ بەش ئەبن.

* تیبینی بكەن: جاریكیان هەندی ئایەت لەسورەتی (المؤمنون) دابەزی كەباسی قۆناغەكانی دروست بوونیمرۆڤ ئەكات، كۆرپەلە لەسكی دایكیدا (ولقد خلقنا الانسان من سلالة من طین ثم جعلناه نطفة في قرار مكين)[٧] ئاوا ئایەتەكان دابەزینە سەر پیغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)وەئەویش بەزمانی موبارەكی ئەیفەرمووەو وە نووسەرەكانی وەحی ئەیان نووسییەوە یەكیكیان لەو ئامادەبووانە(معازی كوری جبل) بوو كاتی رسول الله (صلى الله علیه وسلم)گەیشتەئەو ئایەتە (ثم أنشأناه خلقنا آخر) دوایئەم هەموو قۆناغانەئەبیتە مرۆڤ. ئەو قۆناغانەی كە زانست پێی گەیشتووەو هیچ جیوازیەك نییە لەگەل وەصفوبەیانی قورئان دا. كاتیكە ئەگاتە ئەو ئایەتە (معاذ) ئەلی (فتبارك الله احسن الخالقین) عەزەمەتوگەورەیی بۆ ئەو خوایە كەباشترین خالقە، چاكترین خالقە، چاكترین ئەندازەگیرە. دوایكەمیك رسول الله، تەماشای ئەكاتو زەردەخەنەیەك ئەیگری. معاذ ئەلی: بۆچی یا رسول الله پیئەكەنیت..؟ پیغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئەفەرموی: (بها ختمت)! خواش وائەفەرمویت(فتبارك الله أحسن الخالقین)[٨]. ئیستا بابیین گەشتیبكەین بەهەندی ووشەدا، بیگومان زۆربەی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز ئیعجازیكی رەوانبیژی تیدایە، ئیعجازیكی بیانی تیدایەكە لەسەرووی دەسەلاتی بەشەرەوەیە.

* بۆنمونە دوو فەرمانمان هەیە ((رأیت)) و (رأى) هەردووكیان بەكارهاتوون لە وەصفی خەویكدا لەسورەتی (یوسف)دا كە خوای گەورە ئەفەرموی: (یاأبت أني رأیت احد عشر كوكبا والشمس والقمر رأیتهم لی ساجدین)[٩] یوسف (علیه السلام) ئەوخەونەی بۆ باوكی ئەگیریتەوە ئەلی باوكە:—لەخەومدا یانزە هەسارەو خۆرو مانگ سوجدەیان بۆبردم؟ باوكیشی فەرمووی: ئەمە بۆ براكانت باس مەكە. ئەم مژدەیە دوای (چل)سال هاتەدی كەباوكیودایكی یان باوكیوپوریو.. لەگەل یانزە(براكەی) هاتنەكۆشكەكەیو قەدرو ریزیان پیشان داو خەوەكەی

(٧) المؤمنون / ١٣.
(٨) المؤمنون / ١٤.
(٩) یوسف / ٤.

هاتـەدی. فەرمانەکـە لیرەداچیـیــە؟ (رایــت) (بینینــم) لەخــەودابینم کەهەســارەوخۆرومانگ سوجدەم بۆ ئەبەن.بەلام کە باسیخەوەکەی حەزرەتی ئیبراهیم ئەکات کەخوای گەورە ئەمری پیئەکات کە ئیسماعیلی کوری سەر بـبری (قـال یـابني أنـى ارى فـي المنـام أنـي اذبحـك فانظر ماذا ترى)[١٠] کوری خۆشەویستم.. کوری شیرینم. من لەخــەودا دەبینـم بەبـەردەوامی (نەك بینیم) کەوا سەرت ئەبرم).. جاچی ئـەلیی؟؟ بۆچـی لەخەوەکـەی یوسفدا خوایگـەورە ئەفەرموی (رایت) بەلام لیرەدا ئەفەرموی(أری)..

هـەردوکی خـەوە ئـەمیان لەلایـەن یوسـفەوە کەدەبیتـە پیغەمبـەر بـۆ باوکیدەگیرینـەوە کــە پیغەمبەرە. ئەویشیان لەئیبراهیمەوە بۆ کورەکەی دەگیریتەوە کە دەبیتـە پیغەمبـەر. بۆچـی لەویا رابردوووەو لیرەدا بەبەردەوام...؟ بزانە قورئان چەند وردە.. :–

ئەوەی یوسف مژدانەیە پیویستی بـەتکرارو دووبـارە وەبـوون نـیـە. دوای چـل سـال هاتـەدی بـەلام ئـەوەی ابراهیـم ئـەمرە ئـەبیت جیبـەجیی بکـات بریتیـیە لەسـەر بـرینـی کورەکـەی، ئەوکورەی کە لـەدوای ئـەم هـەموو نـزاو پارانەوەیـە لەتەمـەنی (١٢٠)سـال خـوای گـەورە ئـەم کورەی پیبەخشیکورەکەش گەیشتۆتە(٢٠) سـال دا نـووری پیغەمبەرایـەتی لەنیوچاوانیدایـە. سـەرەرای ئـەویش بیتاوانـە چـۆن بەیــەك (خــەوبینین) بچیـت جیبـەجیی بکـات؟ لەبــەر ئەوەپیویستی بەچەندخەویکە پیویستی بەچەند جاریکە جبرائیل بچیتە خەوی ئـەم ئـەمرەوای لیبکات دلنیاییەکی بۆ دروست بکات ئینجا بچیت جی بەجیی بکات بزانە چەندووردەقورئان..

* بابینە سەردوو ووشــەی تـر. (افـرغ) ەمـان هەیـە لەگـەل (صـب) ئەمرۆلـە عـەرەبی ئاسـایی بەغاییدا هەردووکی وەك یەك بەکاردیت ئەلی: (فـرغ لـي چـای) یـاخود (صـب لـي مـاي) (فرغ) و (صب) واتە: تی کردن، بەیەك مانابەکاردیت.کە ئەچیتە ناو قورئانەوە ..

ئەبینی (افرغ) تیکردنیکی نەرمونیانە، خوای گەورە بـەکاری دینـی بـۆ ئیمـانداران (ربنـا أفـرغ علینا صـبرا)[١١] خوایـە خۆگرییـەك بکەیتـە نـاو دلمانـەوە کـە بتوانـین ئـارامگربین لەجـهادداو لەدژایەتی بی باوەراندا. بەلام(صب) تیکردنیکی توندوتیژە، رۆکردنە، رشــتنە، بـۆ بیبـاوەران بەکاردیت (فصب علیهم ربك سوط عذاب)[١٢] بزانە چەند وردە.

*ببینە سەر دوو ووشەیتر. لەعەرببدا یاسایەکمان هەیە ( زیـادة المبنـی تـدل علـی زیـادة المعنی) واتە: (هەچ ووشەیەك کەپیتەکانی زۆر تربوو مەعناکەی بەهیزترە).

---

([١٠]) الصافات / ١٠٢.
([١١]) الاعراف / ١٢٦.
([١٢]) الفجر / ١٣.

قورئان ئەفەرموی: کەباسی ئــەو دیوارەئـەکات کـە (ذو القرنیـن) دروسـتی کـرد بۆپاراسـتنی میللەتیکی بیدەستەلاتی بچکۆلەی باوەردار کە بیان پاریزی لە (یأجوج مأجوج). ئەو دیوارە بەرزەی بۆ دروست کردن قورقوشمی تواوەی تیکرد بەپالپشتی عەمەلی جەماوەر و سـوپاکەی خۆیو چوون تاقیکەنەوە.

(فمــا اسـطاعوا أن یظــهروه وماأسـتطاعوا لــه نقبــأ)[١٣] بـۆ سـەرکەوتنی شـاخەکە (اسطاعوا)ی بەکارهینا، بۆ هەولدان بۆکون کردنی شاخەکە (استطاعوا)ی بەکارهینا.

ئایا سەرکەوتن بەسەر شاخیکدا یان سەرکەوتن بەسەر دیواریکدا نارەحەترە؟ یان کون کردنی شـاخیك یـان دیواریـك کەناوکارەکـەی لـە قورقوشمـی تواوەبیـت؟؟ بـی گومـان کـون کردنـی نارەحـەت تـرە. ئـەبینی ووشـەیەکی گـەورەتری بـەکارهیناوە بـۆ کـون کـردن (اسـتطاعوا)ی بەکارهیناوە.

لەئایـەتیکی تـردا ئەفـەرموی (ولیطوفـوا بـالبیت العتیـق) ئەگـەر بیفەرمووایـە: (ولیطوفـوا بالبیت العتیق))[١٤] هیچ هەلەی تیانییە. (باحاجییەکان تەواف بکـەن بـەدەوری بـەیتا)بـەلام لەبەرئـەوەی کـە تەوافەکـە زۆرەو حـەوت جـارە ووشـەیەکی بـەکارهینا کـە پیتـەکانی زۆرتـرە ووشەی (ولیطوفوا) بەکارهینا کە شددە لەسەر (ط) ئەکەیە.

* نمونەیەکیتر خوای تعالی لەدووشویندا قەدەغەی کوشتنی مندال ئـەکات لەلایـەن باوکانـەوە پیش و پاش بونیان. ئایـەتی یەکـەمیان ئەفـەرموی: (ولاتقتلـوا اولادکـم مـن أمـلاق نحـن نرزقکم وایاهم)[١٥] لەئایەتەکەی تردا ئەفەرموی (ولاتقتلوا اولادکـم خشـیة أمـلاق نحـن نزرقهم وأیاکم)[١٦] ئـەبینی راناوەکـە گۆراوە و پـاشوپیش خـراوە، لەئایەتییەکـەمیان ئـەو رانـاوەی کـە دەگەریتـەوە بـۆ دایكوباوکەکـە پیـش خـراوە، ئــەوەی کـە سـەربە منالەکەیـە دواخراوە، بەڵام دووەمیان بەپیچەوانەوە راناوی مندالەکە پیـش خـراوە رانـاوی دایكوباوکەکـە دواخـراوەو..بـۆ..؟ بزانـە قورئـان چـەند ووردە.. مفسـرین رەحمــەتیخوایان لیبیــت ئــەلین: ووردبنەوە لەو ئایەتەی یەکەم کەلەسورەتی (الانعـام)دایـە ئایـەتی(١٥١) گووتارەکـە کەلەگـەل کیدایە..؟

ئاراستەیکیکراوە؟..

ئەم نەهییە ئاراستەی دایكوباوکی هەژارکراوە، ئەو باوکە ئەلی من خۆم نـان نییـەبیخۆم چـی بدەم بەومنداله؟

---

([١٣]) الکهف / ٩٧.
([١٤]) الحج / ٢٩.
([١٥]) الانعام / ١٥١.
([١٦]) الاسراء / ٣١.

کەواتە: لیرەدا خەتەری‌یەکە خۆیەتی بەپلەی یەکەم، بەپلەی دووەم منداڵەکەیەتی. خوای گەورە بەپلەی یەکەم وەلامی خۆی ئەداتەوەو ئەفەرمویت:

تۆ بەخیوئەکەم و رزقت ئەدەم، ئەویش مەراقی مەکە ئەویش رزقی خۆی هەیە، بەلام .. لەئایەتی دووەمدا گوتارەکە لەگەل ئەو دایك‌وباوکاندایە کە دەولەمەندن بەلام ترسیکیان هەیە لە دوارۆژ کەکورەکەیان دەرامەتی‌نەبی‌و نەتوانی ئیش پەیدابکات، نەتوانی پارە پەیدابکات، نەتوانی خانویەکی‌هەبی.. لیرەدا بەپلەی یەکەم خەمی کورەکەیانە ئەبینی ئایەتەکە راناوی منداڵەکەی پیش خستووە(نحن نرزقهم و اياكم) خەمی ئەوانتان نەبیت ئەوان رزق ئەدەین و ئیوەش رزق ئەدەین).

* دینیە سەرئیعجازیکی تر، عەرەب وەختی‌خۆی زۆر شانازیان ئەکرد بە دروشمیکەوە (القتل أنفى للقتل) واتە: کوشتن کوشتن ناهیلی یان کوشتنەوە کوشتن ناهیلی، بەم مەتنەیان ووت(زۆر فصيحە) زۆر (بليغە) سی‌ووشەیە بووەتەقانونیك، ئەشلین گوایە لەفارسەوە وەرگیراوە، بەلام ئەم عبارەتە عبارەتیکی عەرەبی‌یە، کاتیك قورئان هات و دژ بەم یاسایە وەستا. عبارەتیکی بەکارهینا لەئایەتی (ولكم في القصاص حياة يأولي الالباب)[١٧] (القصاص حياة)ی بەکارهینا سزادان ژیانی تیایە،ئەگەر جائیز بیت بەراوردی بکەین لەگەل ئەو یاسا جاهیلیەو ئەم یاسا قورئانیە. ئەمیان سی ووشەیە ئەویان دووانە.

خوا جل جلالە تەحدای کردن بەو روون بیژی‌و رەوانبیژیە. بەزمانەکەی خۆیان، چۆن لەهەموو قورئاندا (الم ، عسق، ق، ن..) ئەمە حەرفەکانی ئیوەن، ئیوە بەم پیتانە ووشە دروست ئەکەن‌و رستە دروست ئەکەن و قسەی پی ئەکەن. ئەم قورئانەش هەر ئەوپیتانەیە، دەوەرن ئەگەر ئازان ئایەتیك بهیننەوە. دەستەواژەی سەردەمی نەزانیە کە (١٤) پیتە بەلام ئەوەی، قورئان (١٠) پیتە. یەکەمیان مەبەستی تیانی‌یە، دووەمیان مەبەستی روون‌و ئاشکرای ژیان‌ومردنی ئینسانە. جاوەرە سەیری ئەم کەم‌وکوری و نوقسانی‌یە، (القتل أنفى القتل) کاتی ئەگەر کوشتنەکە دەست ئەنقەست بووبی، چۆن کوشتنەوە بنەبری ئەکات..؟ بەلکو تۆلەسەندنیکی بەردەوام دروست ئەبی، تەنها ئەو کوشتنە نەبی کە بەدادپەروەری‌و بەحەق ئەکری، واتە: ئەمە لیرەدا هەلەیەکی زۆر گەورەیە بەلام لە دەستەواژەکەی قورئان دا (قصاص) هەر قەتل نی‌یە بەلکو دەستەواژە سزایە، سزایەك بیت کەشایستەی ئەو تاوانەبیت کەکراوەپربەپری ئەو تاوانەبیت، نەزیاتر نەکەمتر. ئەمیان جاهلی‌یە کە، تکرار بووەتەوە، قورئانیەکە تکراری نی‌یە، ئەم قەتلە تاوانی ترناگریتەوەبەلام (قصاص) هەمووی ئەگریتەوە،

---

(١٧) البقرة / ١٧٩.

یەکی پەنجەیەکی بریبووی ئەچی ئەیکوژیتەوە..؟ ئەیدان شکاندن؟ ئەی گوێبرین؟ ئەیلووت ئەزیەت دان؟ئەمانە هەمووی ئەچیتە ژیر ناونیشانی قصاصەوە، جاقصاصیش لەهەمان کاتدا(سی) ریگای تیدایە بۆخاوەن خوینەکە.

١- ئەتوانی قەتل بەکاربینی. ٢- ئەتوانی(دیە) وەرگری لەبری خوینەکەی. ٣- ئەشتوانی عەفوی بکات،.

ئیمامی زەمەخشەری(رحمەتی خوای لیبیت) لەگەل ئیمامی رازیوئیمامی سیوطی دا نزیکەی (٢٠-٢١) خالیان دەرهیناوە لەحکمەتی (القصاص الحیاة)دا کەچەندی فەرقە لەگەل قسەی بەشەردا..

* ئیعجازیکیترمان هەیە: ئینسان تووشی بیزاری (ملل) نابی لەبیستنی قورئان. یعنی کام شیعر ئەلی، کام پەخشان ئەلی کام فلیم، کام شانۆگەری، کام مۆسیقا، کەلەزەتی لیئەبینیو چیژی لیئەبینی تەنانەت ئەگەر شعرەکە خۆت نوسیبیتت، وەرە بیبیسەرەوەو چەند جاریك بیست،سی،چل،پەنجا، تاقەتت لیئەچی. بەلام لەهەموو نویژیکدا، یەکیکم بۆ بینە، کەسیکم بۆ بینە(٧٠)سال نویژئەکات بزانە تووشی (ملل) بووەلەسورەتی (الفاتحە)؟؟ بیگومان توشی (ملل) نەبووە، هەروەها بۆ هەر ئایەتیك لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆز.

* بابینە سەر ئیعجازی (میژوویی) بیگومان پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)لەگەل بەنیهاشمی کەسوکاریدا دەرکران لەمەککەو خرانەشیویکەوە. قورەیشیەکان ریکەوتن لەسەر نووسینی چەند خالیك و هەلیان واسی لەناو ژووری کەعبەدا. ئەو عەهدوپەیمانەی کەوا ریکەوتن لەسەری : کەوا بنیهاشم بۆیان نییە بینە شارەوە، بۆیان نییە کرینوفرۆشتنیان لەگەلدابکریت، ژنوژن خوازی... هتد، ستەمیکی ئاوایان لیکردن وەشاربەدەریانکردن(سیدانەسال) زۆر نارەحەت بوون، توشی بەدخۆراکیبوون، حەزرەتی خەدیجە کەیەکەم پشتیوانی پیغەمبەربوو (صلی الله علیه وسلم) بەبەدخۆراکی وەفاتیفەرموو پاشان مامی ئەمری خوای کرد کە دووەم پشتیوان بوو بۆیە ئەو سالەیان ناونا (عام الحزن) (سالی خەفەت) ئالەو کاتەدا لە فەرموودەیەکدا هاتووە لەسیرەدا کە موسولمانان پیستی حەیوانیان کولاندووەو خواردوویانە.

لەو بارودۆخەدا هاتنەلای مامی ووتیان ئیتر بەسیەتی ئەیکەین بەسەرکردەی خۆمان چیئەویبۆی ئەکەین بەلام واز لە(توحید) بینی، واز لە(لااله الاالله)بینی. مامیشی داواکلری قورەیشیەکانی گەیاند بە رسوالله ووتی:- کوری خۆم، برازای خۆم، من وەك جاران نیم بەرەو پیربوون ئەرۆم بەرەو مردن دەی ئیتر واز لەمە بهینە، ئەوا ئەتکەنە پاشاودەولەمەندت ئەکەن چیت ئەوی بۆت ئەکەن تەنها وازلەم دینەبهینە.

پیغەمبەریش صلی الله علیه وسلم فەرمووی:- مامەگیان نەك هەرشتی سەرزەوی واللە خۆرومانگ بینەدەستمەوە واز لەم دینەناهینم، مامەگیان من بەلگەی دنیایشم پیەیە.

ووتی: چیت پیەیە برازاخۆشەویستەکەم؟

رسول الله صلی الله علیه وسلم فەرمووی:- مامە گیان ئەو نووسراوەی ((سێ)) دانە سالە لەناو کەعبەدا دانراوە.

فەرمووی: کەس دەرگای کەعبەی کردۆتەوە؟ ووتی: نەخیر. فەرمووی: دەبابرۆین بیکەینەوەمن خواپیی راگەیاندووم هەموو قەبالەکە مۆرانە خواردوویەتی تەنها ناوی خوا نەبیت. ووتی: شەرت بیت ئەگەر وەهابوو پشتت نەدەم لەعەرز هەتامردن.

رۆیشتن ئەبینن هەمووی (مۆرانە)خواردوویەتی تەنها (بأسمك اللهم) نەبیت.

- وەلەصحیحدا هاتووە کەپیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)ئەفەرموی(لما كذبتي قريش حين أسري بي) کاتی کە خوامنی نارد بۆ قدسی پیرۆز لەویوە چووم بۆئاسمان قورەیشیەکان منیان بەدرۆخستەوەو لیان پرسیم وەصفی چۆنە؟ خوای گەورە قدسی هینایە بەرچاوم (بيت المقدس) منیش وورد وورد بۆم وەصف ئەکرد بۆیان ئەوانەی کە بینیبوویان قەناعەتیان کردوو قسەیان پیەنەئەما، پاشان ووتیان: ئیمە کاروانیکمان ناردووە بۆئەوی دەمیکە.. بینیت.. فەرموی: بەلی لەئاسمانەوە بینیم.. ئەمەندە حوشترە، بارەکەیان ئەوەیە لەپیشی پیشەوە حوشتریکی بەلەك بەلەکە. تەنانەت وەصفی هەموو شتیکی کرد وەصفی ژمارەی زەلامەکانیکرد وەفەرمووی فلانە رۆژ، دەمەو ئیوارە دەگەنە وە مەککە.. بەراستیش ئەوهابوو. ئەمانە بەلگەی میژووین. سەبارەت بە خودی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)کە بابەتیکی سەربەخۆیە ئەگەر عمر باقیبوو ئەوا بەجیا باسیئەکەین.